# بڕیاری کۆنفرانسی چارەسەری دۆزی کورد

بڕیاری تایبەت : ١١

کۆنفرانس ڕەوشی محەمەد ئیسماعیل زادە (محەمەد شارویرانی) ، خالید فەرەیدونی و عومەر فەقیرپور، کە سێ تێکۆشەری کوردن و بەسالأنە لە زیندانی مهابادن و فەرمانی لە سێدارەدانیان دراوە، لەوەیە لە دەمێکی کورتدا لە سێدارە بدرێن، کۆنفرانس ئەم بارە پڕ لە مەترسی و خەتەرناك دەبینێ. بۆ ئەم مەبەستە ئەم خالأنەی خوارەوە رادەگەیەنێ :

کۆنفرانس:

- بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری خۆی بۆ ئەو سێ تێکۆشەرە رادەگەیەنێ.
- بانگ لە پارت، سازی و دەزگە و هەموو گەلی کورد دەکا کە لە دژی ئەو بڕیارە راوەستن و پشتگیری ئەو تێکۆشەرانە بکەن.
- بانگ لە بیر ورای گشتی ناونەتەوەیی و سازی و دەزگاکانی مافی مرۆڤ دەکا کە بە هەموو شێوەیەك لە دژی ئەو بارە راوستن و لەم بارەیەوە رژێمی ئێران هۆشیار بکەنەوە و خودان لەو مرۆڤانە دەرکەون.
- بانگ لە کاربەدەستانی ئێران دەکا کە دەست لەو سیاسەتی دژە مرۆڤیە هەڵبگرن و ئەو مرۆڤانە ئازاد بکەن و لە سەرانسەری ئێراندا فەرمانی لە سێدارەدان هەڵبگرن.

ئەمستەردام

٢١. ٦. ٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت